# دیوانی مەولەوی

لە سەر بناغەی تێکۆشانی

مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس




پیداچوونەوە و ریک و پیک کردن و زیاد کردنی

شیعرە چاپ نەکراوەکان

حەسەن گوران

موحەمەد حیجازی

PIR

۳۲۵٦ مولوی، عبدالرحیم بن سعید. ۱۲۲۱ ـ ۱۳۰۰ ق
۸۷ م ۸۴۳ الف (دیوان)
۱۳۸۲ دیوانی مەولەوی / لەسەر بناغەی تێکۆشانی مەلاعەبدولکەریمی مودەرریس ، (بە کوشش) موحەمەد حیجازی، حەسەن گۆران
سنندج. حەسەن گۆران. ۱۳۸۳. ۷۳۵ ص.
ISBN 964-06-2777-1
فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
۱ ـ شعر کردی ـ قرن ۱۳ ق. الف. حجازی. محمد ۱۳۳۱
ب. گوران. حسن. ۱۳۳۹ ج. مدرس. عبدالکریم ۱۲۸۳ ـ مەدح د. عنوان.
۸۷ م ۸۴۳ الف / PIR ۳۲۵٦ / ۲۱ / ۹ فا ۸
۱۳۸۲ د ۸۴۹ م
کتابخانه ملی ایران ۱۹۳٦ ـ ۸۲ م

## لە چاپ کراوەکانی:

# دەزگای رۆشنبیری گۆران

## ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: دیوانی مەولەوی
- ئامادەکردنی: حەسەن گۆران، موحەمەد حیجازی
- ناشر: حەسەن گۆران
- نەوبەتی چاپ: چاپی یەکەم ۲۷۰۴ی کوردی
- هەژمار: ۲۰۰۰ بەرگ
- پیت چن: گۆران، تەلەفون: ۲۲٦۵۳۵۳
- شابک: ۱ ـ ۲۷۷۷ ـ ۰٦ ـ ۹٦۴

ISBN 964 - 06 - 2777 - 1


MAWLAWI.KRD

محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو:

# بۆ ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە لەم سەرچاوانەی خوارەوە کەڵک وەرگیراوە:

١ ـ دیوانی مەولەوی: مامۆستا مودەرریس چاپی بەغدا ١٩٦١ی ز
٢ ـ دیوانی مەولەوی: د. صفی‌زادە، (بۆرەکەیی) چاپی تاران ١٣٦٩ی، هـ
٣ ـ کتێبی مەولەوی: حەکیم مەلا ساڵەح/ ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی چاپی ورمێ ١٣٧٦ی، هـ
٤ ـ میهرەجانی مەولەوی: وەزارەتی رۆشنبیری بەغدا ١٩٨٩ی ز
٥ ـ دیوانی مەولەوی: موحەمەد ئەمین ئەردەڵانی ١٩٩١ی ز
٦ ـ رسالەی عشق: سۆران سنەیی/ ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی چاپی ورمێ ١٣٧٠ی، هـ
٧ ـ بەیاز و نوسخە گەلی کۆن بەتایبەت بەیازی «ش» و بەیازەکەی (مامۆستا ئەهوەن) شاعیری سنە.

ئەی ژمارە ٦ ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کە لە ل: ٤٥٠ دا باسی کراوە ؟

ئەم بەرهەمە:

پێشکەش بە سەرۆکانی قوتابخانەی کوردایەتی


ئەحمەدێ خانی و حاجی قادری کۆیی

هەروەها:


درێژەدەرانی ڕێگای مەکتەبی ئەوان




وێنەی خەیاڵی «مەولەوی» لە خەیاڵی هونەرمەند بەدێع باباجان
لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەدین سەجادی)
کە بە قەڵەمی هونەرمەندی شاری سنە کاک بێهزاد تارا کێشراوەتەوە.



نموونەیەک لە نوسخە کۆنی «ش» (بەشێک لە نامە بێ نوختەکەی مەولەوی لەو بەیازەدا. ئەم نامە لە وەڵامی نامەیەکی ئەحمەد پاشای جافدا نووسیوە و لەگەڵ قەسیدەی «مەیلت ئارەزووی ئەغیار..» بۆی ناردووە).



نموونەیەک لە (بەیاز) نوسخەی کۆنی دیوانی مەولەوی کە لە لایەن

مامۆستا ئەوەنەوە بە دەستمان گەیشت

## ڕێکەوتی کۆچی دوایی مەولەوی لە شیعری شاعیران

## بە پێی حیسابی «ئەبجەد»

شیعری فارسی «مەلا حامید»، کاتیبی شێخ سەراجەددین نەقشبەندی:

آسمان گر خون ببارد بر وفات مولوی
زیبد ار برگ سیه پوشند اهل دنیوی
پیرو شرع محمد شیخ اولاد حسین
سالک راه طریقت در طریق اُخروی
بهر تاریخ وفاتش آنقدر کردیم فکر
کاسمان «غَش» کرد بر مرگ جناب مولوی

وشەی «غَش» بە پێی حیسابی «ابجد» دەکاتە ١٣٠٠ی (کۆچی مانگی).

شیعری مەحوی بۆ کۆچی دوایی مەولەوی:

«مەحوی» ئەمشەو ئەوپەڕی شێوەی لەخەو دیبێ، دەبێ
بۆیە «ئەمڕۆ مەولەوی کەوتۆتە حاڵی حەلوەلا»

بە پێی حیسابی «ابجد» ئەبێتە ١٣٠٠ی کۆچی مانگی.

ئەم (٦٢) پارچە شیعرە لە دیوانی مەولەوی مامۆستا مودەرریس‌دا نییە. ئێمە لە بەیاز و کتێبەکانی دیکە دەرمانهێناون و بەم دیوانە زیادمان کردووە.

| لاپەرە | ژمارە | ناوی پیت | ناوی شیعر |
|---|---|---|---|
| ٢٨ | ٣ | ئەلف | ١ ـ ئاخ فەلەک جە دەس کەچ رەفتاری تۆ |
| ٣٧ | ٨ | ئەلف | ٢ ـ ئازیز بێ مەیلیت زینە گیم تاڵ کەرد |
| ٤٦ | ١٣ | ئەلف | ٣ ـ ئازیز فیراقت دڵ کەردەن وە هوون |
| ٥٣ | ١٩ | ئەلف | ٤ ـ ئامان هامسەران دەردم کاری‌یەن |
| ٥٨ | ٢٢ | ئەلف | ٥ ـ ئاینەی زهوور سیفات غەیبی |
| ٦١ | ٢٥ | ئەلف | ٦ ـ ئەر سەد نامت نەقش تۆی ضەمیرمەن |
| ٦٢ | ٢٦ | ئەلف | ٧ ـ ئەلعەجەب دیەم عەجەب بە چێشەن |
| ٦٢ | ٢٧ | ئەلف | ٨ ـ ئەلماس نارەک مەوداى خەجەرسۆم |
| ٧٨ | ٣٥ | ئەلف | ٩ ـ ئەی هۆ چەن سەر چنگ چەرخ چەپ وەردم |
| ٨٤ | ٣٧ | ئەلف | ١٠ ـ ئیشارەی دیدەی نیگای پڕ هەیبەت |
| ٩٢ | ٤١ | ئەلف | ١١ ـ ئیمشەو دیارەن دەردم کاری‌یەن |
| ٩٦ | ٤٣ | ئەلف | ١٢ ـ ئیمشەو وە کەردەش دڵ بێ پەردەبی |
| ١٠٩ | ٢ | ب | ١٣ ـ بولبول قُلْشن نەوتن لەکە لاشتا |
| ١١٢ | ٦ | ب | ١٤ ـ بڵێسەی ئاهیر نە دەروون خێزان |
| ١٢٦ | ١٣ | ب | ١٥ ـ بەهەشت باقی دین دڵبەرەن |
| ١٦٨ | ٤ | ت | ١٦ ـ تاقی خانەقای دڵ پڕ وەلوەلەن |
| ١٧٠ | ٧ | ت | ١٧ ـ تۆی دەروون وە نێش زامان خەتەر |
| ١٩١ | ١٥ | ت | ١٨ ـ تەسکین دڵەی پڕ جە خاوەکەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩ ـ تەلاٌکەی جەمین قاڵ بۆتەی عەشق | ت | ١٦ | ١٩٣ |
| ٢٠ ـ جە قەهقەهەی رەعد مینای هەور تار | ج | ٦ | ٢٠٨ |
| ٢١ ـ جەمین رەشك جام جەم‌نمای جەمشێد | ج | ٩ | ٢١٨ |
| ٢٢ ـ چون بەندە بەو بەند ئیخلاسی بەندەن | چ | ١ | ٢٢٢ |
| ٢٣ ـ چەرخ چەپ چەنیم راس بەستەن کەلەك | چ | ٥ | ٢٣٤ |
| ٢٤ ـ حوقتەی خەزێنەی تەجەللای زاتی | ح | ١ | ٢٥٦ |
| ٢٥ ـ خالۆی تەسکین بەخش دڵەی پڕ دەردم | خ | ٥ | ٢٦١ |
| ٢٦ ـ خالۆی سەردەفتەر، نازك خەیالات | خ | ٦ | ٢٦٤ |
| ٢٧ ـ خوەرشێدەکەی بورج مەلاحەت سپیهر | خ | ١٠ | ٢٧٦ |
| ٢٨ ـ خەیاڵ شادی رۆی بەزم رەمەزان | خ | ٢ | ٢٨٠ |
| ٢٩ ـ دانا وە ئەسرار عیجز و نیازم | د | ١ | ٢٨٢ |
| ٣٠ ـ دڵە دیارەن بێ قەرارەنی | د | ١٢ | ٣٠٠ |
| ٣١ ـ دورکەڵ قلیان وەش نەفەسێوەن | د | ٢٠ | ٣١٩ |
| ٣٢ ـ دیدەم ئیشتیزار پا و پالاٌی تۆشەن | د | ٣١ | ٣٣٥ |
| ٣٣ ـ دیسان هەم گەردش چەواشەی بەدخۆ | د | ٣٦ | ٣٣٩ |
| ٣٤ ـ زرنگەی سەرپارچەی بەرمورد چناخ | ز | ١ | ٣٦٠ |
| ٣٥ ـ سا چۆن دڵ وە شاد، دڵشاد نەبۆ، شاد | س | ١ | ٣٦٨ |
| ٣٦ ـ ساقی سا وە یاد ئێمە و هام فەردان | س | ٤ | ٣٧١ |
| ٣٧ ـ سەدای هاى هیلال رۆزە دارانەن | س | ٧ | ٣٧٥ |
| ٣٨ ـ سەراپای ئازام ئێسك و مەغز و پۆس | س | ١١ | ٣٨٣ |
| ٣٩ ـ سەرمەودای قەڵەم حە کاکەکەی عەشق | س | ١٦ | ٣٩٦ |
| ٤٠ ـ سیم قەڵب قەلب جۆش کوورەی «حاڵ» | س | ٢٠ | ٣٩٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٠ | ٧ | ش | ٤١ ـ شەست پەڕ سەد زبان، وە ڕووی زەردەوە |
| ٤٢١ | ١١ | ش | ٤٢ ـ شەماڵ لای سەرو ساوای سایەنەو |
| ٤٢٤ | ١٢ | ش | ٤٣ ـ شەوق شادی نۆ، شەوق شادی نۆ |
| ٤٣٨ | ١٥ | ش | ٤٤ ـ شیرین دەم وە دەم ناسکە دەم دەمن |
| ٤٥٤ | ٦ | ف | ٤٥ ـ فیدای دیدەت بام وەبێ مەی مەستەن |
| ٤٥٦ | ٣ | ق | ٤٦ ـ قوربان چەم چەمش وە تۆ نەکەفتەن |
| ٤٧٣ | ٦ | ک | ٤٧ ـ کوورەی دڵ چمان جۆشش وەردەوە |
| ٤٧٣ | ٧ | ک | ٤٨ ـ کوولەکەی کەللەم پەی شکار خەم |
| ٤٧٤ | ١ | گ | ٤٩ ـ گرد کار چەرخەن، چەرخش چەمەر بۆ |
| ٤٧٧ | ٥ | گ | ٥٠ ـ گۆیا جە لای وێت ئینە خاست کەرد |
| ٤٨١ | ٨ | گ | ٥١ ـ گەرمی دەرد قامەت کەردەن وە کاهێ |
| ٤٨٤ | ١ | ل | ٥٢ ـ لاونامەوە، لاونامەوە |
| ٤٩٣ | ٤ | ل | ٥٣ ـ لەب وە خەندەوە چەم وە نیگاوە |
| ٤٩٣ | ٥ | ل | ٥٤ ـ لەرزەی دڵ جە شەوق پێکان پەیکان |
| ٥٠٦ | ٦ | م | ٥٥ ـ من خۆ خەفەت جێت، چەفتەن قامەتم |
| ٥٢١ | ١٥ | م | ٥٦ ـ مەیۆم جە دەروون مەیۆم جە دەروون |
| ٥٧٦ | ١ | و | ٥٧ ـ وادەی ئارەزووی دیدەن جەمین گوڵ |
| ٥٩٩ | ١١ | و | ٥٨ ـ وە نیم نیگای عەین جە پێوارەوە |
| ٦١٢ | ٢ | هـ | ٥٩ ـ ها، زرنگەی زەنگ سەرقەتار مەیۆ |
| ٦٤٩ | ١١ | هـ | ٦٠ ـ هەتیتەی فیراق تەن کەردەن وە سیم |
| ٦٧٦ | ٢ | ی | ٦١ ـ یادم نمەشی جە گردین حاڵ دا |
| ٦٨٤ | ٨ | ی | ٦٢ ـ «یەئجوج» خەیاڵ گێرتەن قەڵای هۆش |

MAWLAWI.KRD

## پێشەکی دەزگای رۆشنبیری «گۆران»:

شاعیری گەورە و کەمهاوتا، مەولەوی، ناوبانگی لەوە دەرچووە کە بە قەڵەمی من بە خوێنەرانی ئەدەب دۆست بناسرێ، شاسواری مێژووی ئەدەبی کوردی شەو و رۆژ شیعرە بەسۆز و دڵنشینەکانی میوانی کۆڕ و کۆبوونەوەی دیواخانی زۆربەی ماڵەکوردەکە لەگەڵ شمشاڵ و ساز و سەمتوور، مەی و نەی و دەف، شەم و پەپوولە و دڵدار، پێکەوە کۆڕی شایی و زەماوەند و گۆڤەند، کۆڕی زیکر و تەرتیل و عیبادەت ئەڕازێننەوە و دڵی پڕ لەکوڵی ئەوینداران دێننە جۆش و خرۆش.

مامۆستای هەرەبەرز و خۆشەویست مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس بەکەم کەس بوو کە هەوڵێکی بێوچانی دا و لە نوسخەگەلێکی زۆر کەڵکی وەرگرت و شیعرە پرژ و بڵاوەکانی مەولەوی بە رێک و پێکی بە چاپ گەیاند و کردیە خەڵات و دیاری بۆ گەلی کورد و ئەدەبە دەوڵەمەندەکەی، هەزاران سڵاو و درودی لێ بێ و خوا بیپارێزێ بۆ خزمەتی فراوانتر، بەڕاستی دیوانی مەولەوی تەنیا بەشێکە لە سەدان بەرهەمی پێشکەش کراو بە مێژووی ئەدەبی کوردی لە لایەن ئەو بەڕێزەوە.

بەڵام پاش دەیان ساڵ تێپەڕبوون بەسەر لە چاپدانی دیوانی مەولەوی لە ساڵی ١٩٦١ی زایینی تاکوو ئێستا بێ ئیزنی مامۆستا مودەڕریس دەیان جار لە کوردستانی ئەودیو و ئەمدیو، مەهاباد و سەقز و سنە و.. بێ هیچ گۆڕانکاریەک و بێ ئەوەی وشەیکیش جێبەجێ کرابێ ئۆفسێتیان کردووە و خۆیان پێوەیەوە ماندوو نەکردووە. بۆیە ئێمە هاتینە سەر ئەو بڕیارە دیوانی مەولەوی سەر لەنوێ بەم هۆیانەی خوارەوە دیسانەوە لە چاپی بدەین:

١ -گۆڕانکاری بەسەر ڕێنووسی کوردی و ڕێزمان و ڕێنووسی کتێبەکە.

٢ - هەبوونی شێوەی چاپ لە تیکنولۆژی ئەمڕۆدا.

٣ - هەڵەی زۆری چاپی، بەهۆی کزی چاپ و چاپەمەنی ئەو سەردەمەوە.

٤ - هەڵەی زۆری نوسخەنووسانی شیعری مەولەوی پاش خودی مەولەوی.

٥ - دۆزینەوەی بەیاز و دەسنووسی کۆن لە شاری سنە و دەوروبەر کە شیعری زۆری مەولەوی تێدابوو کەبەراوردیان لەگەڵ دیوانی مەولەوی پێویست بوو.

٦ - کەڵکوەرگرتن لەو نامیلکەو کتێبو بەرهەمانەی کە پێشتر باسمان کردوە.

لە ساڵەکانی رابردوودا بەشێک لە شیعرەکانی مەولەوی لە لایەن بەڕێزان «د. صدیق بۆرەکەیی» و «حەکیم مەلا ساڵح»ەوە لە چاپ درا بەلام هەڵەی زۆری شیعرەکان و رینووس و ڕێزمان کە تاکوو ئێستا ئاماژەی پێی نەکرابوو هۆیەک بوو کە هەمدیسان ساغمان کردوونەتەوە و ڕێک و پێکمان کردووە و بەم کتێبە کە زیادمان کردووە.

بۆ وێنە: کاک حەکیم بە جێگای **«سروور نەشئەی بادەی وەسڵ تۆن - تەئسیر بوی عەتر موشک زوڵف تۆن»**ی بەم شێوە نووسیویە: **«سرووری نەشئەی بادەی وەسڵی تۆن - تەئسیری بۆی عەتر موشکی زوڵفی تۆن»**. کە ئەمە سۆرانی کراوی شیعری مەولەوی‌یە و هەڵەیێکی زۆر گەورەیە. لەم جۆرە هەڵانە لە دیوانی مەولەوی کاک حەکیمدا زۆربوون کە ئێمە بە جوانی ئاماژەمان پێی کردووە و ساغمان کردوونەتەوە و لەم دیوانەدا هێناومانە.

هەروەها تێبینیمان لە سەر دیوانی مەولەوی، حەکیم مەلاساڵح - مەولەوی د، بۆرەکەیی - مەولەوی ئەردەڵانی - مەولەوی، سۆران سنەیی کردووە کە پێویستە خوێنەرانی بەڕێز (بەرگی یەکەمی کتێبەکە بە ناوی

«لێ کۆڵینەوەیەک لە سەر شیعری مەولەوی» بیخوێننەوە هەتاکوو هەڵەکانی شیعری مەولەوی لە چاپەکانی رابردوودا بە جوانی بناسن.

جا بۆیە بە هۆی ئەو خاڵانەی سەرەوە کە ئاماژەم پێی کردووە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی دیوانی مەولەوی بە شێوەی چاپ و رێنووسی ئەمڕۆکە یەکێ لە بەرهەمە هەرەبەرزەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیە بە سەرلەنوێ بەو شێوەیەکە شایانی پلە و پایەی مەولەویە بە چاپ بگەینم. بۆیە گەڕام بەدوای ئەو بەیاز و دەسنووس و کتێب و نامیلکانەدا کە سەبارەت بە مەولەوی شتێکیان نوسیوە تاکوو کەڵکی لێوەرگرم، زۆربەی ئەوانەی کە پێویستم بوو دیتمەوە و زۆریش لە سەر دیوانی مەولەوی کارم کرد بەڵام ئەم ئەرکە قورسە تەنیا بۆم جێبەجێ نەدەبوو، بۆیە هەستم ئەکرد کارەکەم هەر ناتەواوە و پێویستە کەسانێکی شارەزاتر بهێنمە ناو ئەم بەربەرەکانێوە. بۆیە دەستم کرد بە بانگەواز. هەرکەسم ئەبینی دەستی یارمەتیم بۆ درێژ ئەکردەوە. زۆر کەس لەم بارەوە یارمەتی و رێنموونیان کردم بەتایبەت (مامۆستا ئەهوەن و کاک حەمە شەریف عەلی رەمایی) شاعیرانی شاری سنە کە پڕ بەدڵ سپاسیان ئەکەم.

بەڵام لە هەموو زیاتر کاک موحەمەدی حیجازی کە بەڕاستی مەولەوی ناسێکی کەم وێنەیە جیاواز لە یارمەتیدانی کە هەر خۆم ئەزانم چەندە زەحمەتی کێشاوە ئەرکی پێداچوونەوەی دوبارەشی وە ئەستۆ گرتووە.

پێویستە بوترێ لەم کتێبەدا مامۆستا مودەرریس بە جوانی ژیان و بەسەرهات و بیروبۆچونی مەولەوی نووسیوە و بۆ من جێگای باسێکی نەهێشتۆتەوە بۆیە ئیتر پێویستی بە باس کردنی من نەبوو.

مەلا عەبدورڕەحیمی تاوەگۆزی لە شاری سنە لەقەب (نازناو)ی «مەولەوی» یان (مەولانا)ی پێدرا. بەڵام هەر خۆی بە مەلایێکی خزمەتکار

ئەزانی و تەنانەت بۆ نازناو لە شیعرەکانیدا کەڵکی لێ وەرنەگرتووە. بەڕاستی مەلا عەبدولرەحیمی تاوەگۆزی «مەولەوی»یە و بەڵگەیش بۆ ئەم راستی یە کتێبەکانی «ئەلفضیلە و فوائیح و عەقیدەتول مەرضیە و دیوانی مەولەوی)یە.

پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر کە هەر خۆم ئەزانم چەند ماندوو بوونمان لەگەڵیا کێشا. بەلاّم لە راستی‌دا ماندوو نەناسانە توانیمان ئەم کتێبە بێنینە بەرهەم.

داواکارم لە دڵسۆزان و خوێنەرانی ئازیز ئەگەر هەڵەیەک یان کەم و کۆڕیەکیان وەبەرچاو کەوت لە دوور و نزیکەوە بەردمان بۆ مەهاوێن و نەفرینمان مەکەن چوونکوو هەموو کەس هەموو شتێ ئەزانێ و منیش هەموو کەس نیم. بەڕاستی بۆ بە ئاکام گەیشتنی ئەم ئەرکە پیرۆزە زۆر زەحمەت کێشراوە پێمان خۆش نیە چاوی خوێنەران تەنیا هەڵەکان ببینێ. جا ئەگەر خوێنەران هەڵە یان شیعرێکی لەچاپ‌نەدراوی مەولەوی‌یان دیتەوە بۆمانی بەرێ بکەن هەتاکوو لە چاپەکانی داهاتوودا بەناوبردن لە خۆیانەوە لەچاپی بدەین.

**سنە ۲۷۰٤ی کوردی / حەسەن گۆران**

بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری «گۆران» لە شاری سنە.

مەولانای کورد، مەلا عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی «مەولەوی» بێ گومان یەکێ لە هەرەبەرزترین شاعیرانی مێژووی ئەدەبی کوردی یە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦١ی زایینی دیوانەکەی لە لایەن بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە لە چاپ درا، تا ئێستا دەیان لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە بە کتێب و نامیلکە لە سەری نووسراوە. بە بڕوای من ئەم لێکۆڵینەوەیەی کاک موحەمەدی حیجازی کە یەکێ لە مەولەوی ناسانی کوردە لە باری ئەدەبی یەوە جێگای تایبەتی هەیە. هیوادارم خوێنەرانی ئازیز وردبینانە سرنج بدەنە ئەم لێکۆڵینەوە و هەڵەکانی بڕێ لە شیعرەکانی مەولەوی کە هەم نوسخە نووسانی پاش مەولەوی هەم لە باری چاپ و نووسینەوە تا ئێستا بە هەڵە ڕوشتوونەتە ناو کتێبخانەی کوردی و کاک موحەمەد بە جوانی ئاماژەی پێی کردوون بیێتە مەشغەڵێ بۆ مەلەوانانی داهاتووی شیعرەکانی مەولەوی.

کارە پڕ بایەخەکەی کاک موحەمەد لەم بەرهەمە و لە دیوانەکەی مەولەوی‌یا جێگا پەنجەیان دیارە ئەگەر خوێنەران بە سرنجێکی وردبینانەوە تەماشای بکەن ئەزانن لە باری ئەدەبییەوە چ کارێکی مەزن کراوە کە مێژووی ئەدەبی کوردی هەتا هەتایە لەبیری ناباتەوە.

بە هیوای کەڵک وەرگرتن لەم بەرهەمە بەنرخە.

سنە ٢٧٠٤ی کوردی

حەسەن گۆران

# پیتی ( ئەلف )

## - ١ -

ئــاخ، پـەی خــەڵوەتێ بـدیام وە بــێ‌خەم
سیوای تۆ دیـدەم، کـەس نـەدیام وە چـەم (١)
دڵ پـەی دیـدەنت کـام خــەڵوەت سازۆ؟
تــۆی دیـدەیچم بـۆ «مــەردم» نــمازۆ (٢)

---

١ - بدیام: بمڕوانی‌یایە. کەس نەدیام: کەسم نەدیایە.

٢ - سازۆ: دروست بکا. تۆی: لە توێی، لەناوی. مەردم: بـیبیلەی چـاو. نـمازۆ: نـایەڵێ.

واتە: خۆزگا جێگایەکی چۆڵم دەس ئەکەوت بە بێ خەم لێ‌یەوە بمروانی‌یایە بۆت و لە تۆ بەولاوە {چاوەکەم} کەسم بە چاوی خۆم نەدی‌یایە. بەڵام داخی گرانم دڵـم شـوێنێکی چۆڵی بۆ ساز ناکرێ کە لێ‌یەوە بڕوانێ بۆت بە تەنیا خۆی چونکە باشترین شوێن کە بۆ ئەوە دەس بدات گلێنەی چاومە، کەچی لەوێ‌یشا بیبیلەی چاوم ئەبێ بە ملۆزمم و لە گەڵما سەیرت ئەکا..

ئەوەش دەس ئەدا کە (مەردم) بە خەڵکی مەعنا لێ بدەینەوە بڵێین: بەڵام ئەگـەر لە نـاو چاویشما داتنێم خەڵکی هەر سەیرت ئەکەن و ئاواتەکەی من نایەتە دێ.

## - ٧ - (١)

یـــاوا پـــێم نـــامەی شـــیرین خـــیتامەت
دەک دەک نەرێزۆ سەرپەنجەی خـامەت (٢)
ســـیای ســـورمەی خـــەت نـــە دیـدەم شـانا
بـــادرەوشەی وەرەق خـــەمان رفـــانا (٣)
مـــەرهەم بـــی پـــەی زام ئـــەفعیان گـــەستەم
دەوا بی پەی دەرد جـەستەکـەی خـەستەم (٤)

---

پێی ئەنایە سەر چاوی - تک تک فرمێسکی لێ ئەرژێ، لەبەر ئەوە وێنەت لە ناو چاوما عاجز بووە - چونکە کە چاو ئاو بکا وێنەی هیچ بە سافی وەرناگرێ - سا ئازیز پێ ناسکەکانت بنێ بە سەر چاوەکانما با دامرکێن و فرمێسک نەرێژن.. لە هەندێ نوسخەدا شیعری یەکەم لەم دوو شیعرە بەم جۆرەیە:

باڵەخانەی چەم دڵ دێوانەکەت بانەناو وەخاک سەر ئاسانەکەت

واتە: باڵەخانەی سەرچەم کە هی دۆستە دڵ بۆ شێت بووەکەتە. وە بە پێی مەعنای دووەم باڵەخانەی چاوی ئەو دۆستە کە دڵی شێت بووە بۆت.. تاد.

١ - مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بۆ شێخی بەهائەدین نووسیوە کە نامەیەکی بۆ ناردەبوو، وە تیایدای باس کردبوو کە شێخ ضیالدینی برای لە ئێرانەوە گەڕاوەتەوە.

٢ - نەرێزۆ: دانەوەری. واتە: نامە ئاخر خۆشەکەتم پێ گەیشت، یا خوا هەرگیز ئەو سەرپەنجانەت دانەرزێن کە قەڵەمەکەیان گرتبوو بە دەستەوە. وشەی (شیرین خیتامەت) ئیشارەتە بۆ ئایەتی (ختامەمسک).

٣ - شانا: وەشاندم. بادرەوشە: باوەشێن. رفانا: ڕوی نا. واتە: مەرەکەبە رەشەکەیم وەک کلە وەشاند بە چاوما، کاغەزەکەش لە جیاتی باوەشێن خەمی لێ دوور خستمەوە.

٤ - ئەفعی: مار. واتە: نامەکەت بووبە مەڵهەمی زامی مارانگەستەم و دەرمانی دەردی

تــەسکین دا وە ئـێش نـێشەکـەی دووری
وە دڵـەی سـۆچیای نـار مـەهجووری (1)
مـە گـەر خـوداوەنـد کـەرەم کـەردەوە
تــەفرەقەی یــاران جــەم ئـاوەردەوە (2)

ـ ٨ ـ (3)

---

لەشی بیمارم.

١ ـ واتە: ئێش و ئازاری نووکی تیژی داسوکناند و ئیسراحەتی دا بە دڵم کە بە ئاگری دووری سووتاوە.

٢ ـ واتە: چونکە خوا لوتفی کرد و دۆستانی لەیەک بووی یەک خستەوە.

٣ ـ یـەئجووج و ئـەسکەندەر: لە رەوایـەتەکـاندا هـەیە کـە ئـەسکەندەر کە بە «ذوالقـرنین»ی قـورئان شـوبهێنراوە لە بـەررانـبەر یـەئجووج و مـەئجووجدا کـە بوونەوەرگەلێکی زیانی خورۆ بوون بەندێکی دروست کرد تا ئازار بە خەڵکی مەدەنی نەگەیەنن. چەنگیز: سەرۆکی موغولەکان کە هێرشی وێرانکـەری کـردە سـەر ئـێران و کورەزاکەی «هولاکوو» هێرشی کردە سەر هەولێر و بەغدا. بووعەلی: زانا و فەیلەسووفی ئێرانی. سروشتی ئاوی و بادی: خەڵکی سەدەکانی پێشوو باوڕیان وا بوو کە هەر شت یان سروشتی ئاوی هەیە یان بادی یان خاکی یان ئاگری. جا بە پێی ئەمە مرۆڤەکـانیش یـان مەزاجی سەفرایی یان سەودایی یان بەڵغەمی یان خوێنیان هەیە. واتە: یەئجووجی خـەیاڵ قەڵای هۆشی داگیر کرد و ئەسکەندەری شادی فـەرامۆش کـرد. چـەنگیزی مـەینەتی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و بووعەلی هیزرم خۆی لە بیر چوەتەوە. خەم لافاویدا بە سەر سروشتی بادی و ئاویمدا و خاکی کرد بە سەر شینەوەردی خۆشیمدا و هەستگەلم هێزی جارانیان نیە هەستی چەش و بۆن کردنم کاریگەری جارانی نەماوە جم و جۆڵی بەدەنم بە دەست خۆم نییە و گیان خۆی بۆ گۆڕ ئامادە دەکا. کۆچی نـەهات و دوایـن سـەفەرە،

«یەئجووج» خەیاڵ گێرتەن قەڵای هۆش
«ئەسکەندەر» شەوق کەردەن فەرامۆش
«چەنگیز» مەینەت موسەللەت بیەن
«بووعەلی» فیکرم وێش جە یاد شیەن
خەم لاو دان وە تەبع بادی و ئاویمدا
خاک کەردەن وە سەر سەوزەی شادیمدا
حەواسم قووەی جارانش نیەن
زایقە و شامەم بێ تەئسیر بیەن
حەرەکەی زاتیم بێ ئیختیارەن
رۆح نە تەدارەک ماوای مەزارەن
کۆچ نامەدەن، ئاخر سەفەرەن
تۆشە زەروورەن، را پڕ خەتەرەن
خەسڵەتێم نیەن دڵ پێش وەش کەروون
چەنی وێم سەوقات وە مەحشەر بەروون
مەر کەریم وە مەیل رەحمێ کەرۆ لێم
نەنویسۆ نە پام خەسڵەتەکەی وێم
وەرنە نە جوملەی گوناکارانم
رووسیای مەجلیس جەرگەی یارانم

---


توێشو پێویستە چونکە ڕێگا پڕ لە مەترسی‌یە، خدەیەکم نیە دڵی پێ خۆش کەم، کە مایەی ئەوە بێت بە دیاری لە گەڵ خۆمدا بیبەم بۆ مەیدانی حەشر. مەگەر خوا بە مەیلی خۆی رەحمێکم پێ بکات و خوو و رەوشتی خۆمم بۆ نەنوسێ، ئەگینا لە دەستەی تاوانبارانم و روورەشی کۆڕی یارانم.

MAWLAWI-KRD

# دەزگای ڕۆشنبیری گۆران

بڵاوکەرەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

سنە، شەقامی شەهیدان، تەلەفون ٢٢٦٥٣٥٣



بەشێک لە نامە بێ نوقتەکەی مەولەوی لە وەڵامی نامەیەکی مەحمود پاشای جاف دا

نرخی ٤٠٠٠ تمەنە

B. TARA

کۆمپیوتر: ناسیح رەحمانی ٢٢٥٣٩٠٢